# فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی دوازدەیەم: موزارەعە و موساقات

# الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب الثاني عشر: المزارعة والمساقاة

< kurdish - كردي - کوردی >

دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# موزارەعە و موساقات

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتی مامەڵە داراییەکان، جارێکی تر هاتینەوە خزمەت ئێوەی بەڕێز بەیارمەتی خوای گەورە لەبارەی موزارەعە و موساقاتەوە سێ بابەتتان بۆ باسدەکەین، بابەتی یەکەم : مانا ومەبەست و حوکمی موزارەعە و موساقات ، بابەتی دووەم : مەرجەکانی موزارەعە و موساقات، بابەتی سێهەم : ئەحکامەکانی پەیوەست بە موزارەعە و موساقات .

### بابەتی یەکەم : مانا ومەبەست و حوکمی موزارەعە و موساقات :

#### 1-مانا ومەبەستی موزارەعە و موساقات :

**موزارەعە** : مەبەست لەم دەستەواژەیە لە فیقهی ئیسلامیدا ئەوەیە کەسێك پارچە زەویەك بدات بە کەسێکی تر، یان دانەویڵەیەکی بداتێ، بۆ ئەوەی بیرووێنێت و خەریکی بێت تا دەگاتە بەرهەم، بە بەشێکی دیاریکراوی بڵاو لەو بەرهەمەی بەدەستی دەهێنێت، بۆ نموونە: بە نیوەی، یان بە سێیەکی یان بەچوار یەکی بەرهەمە بەدەست هاتووەکە .

**موساقات** : پێدانی باخێکی دیاریکراوە لە درەخت، کە بەروبومێکی هەبێت بخورێت، بەکەسێکی تر بۆ ئەوەی خەریکی ئاودان و خزمەتکردنی بێت، بەرامبەر بە بەشێکی دیاریکراوی بڵاو لەو بەرهەمەی بەدەستی دەهێنێت، بۆ نموونە : بە نیوەی، یان بە سێیەکی یان بەچوار یەکی بەرهەمە بەدەست هاتووەکە .

جیاوازی نێوان موزارەعە و موساقات ئەوەیە : کە موزارەعە بۆ کشتوکاڵ و دانەوێڵەیە، بەڵام موساقات بۆ باخ ودرەخت دەبێت، وەك بەخێوکردنی باخە خورمایەك، یان باخە ترێیەك، خاڵی خاوبەشیشیان ئەوەیە هەردووکیان بەرامبەر بەشێکی بڵاوی دیاریکراوە، وەك نیوە و سێیەك و چواریەك .

2- حوکمی موزارەعە و موساقات :

ئەم دوو جۆرە گرێبەستە هەردوکیان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا مەشروع ورێگاپێدراون ودروستن، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم گرێبەستانە لەو گرێبەستانەن کە خەڵکی پیویستیەکی زۆریان پێی هەیە، مەشروعیەت و دروستی ئەم گرێبەسەش بۆ ئەو ریوایەتە دەگرێتەوە کە عەبدوڵلای کوری عومەر (خوایان لێ رازی بێت) دەیگرێتەوە ودەڵێت : { أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) عامل أهل خيبر بشطر ما يخرج منها من ثمر أو زرع }[1] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) خەڵکی خەیبەری خستە سەر کاری زەویەکانی خۆیان بۆ ئەوەی باخە خورماکانیان بەخێو بکەن وزەویەکانیان بکەن بە کشتوکاڵ، بەرامبەر بە نیوەی ئەو بەرووبوم و کشتوکاڵەی بەدەستی دەهێنن .

بابەتی دووەم : مەرجەکانی موزارەعە و موساقات :

مەرجەکانی موزارەعە وموساقات چەند مەرجێکیان هەیە تاوەکو گرێبەستێکی مەشروع ودروست بێت، ئەوانیش بریتین لە :-

1- دەبێت ئەو کەسانەی کە گرێبەستەکە دەکەن، لەو کەسانە بن کە هەڵسوکەوت و تەصروف کردنیان دروستن، دەبێت باڵغ وئازاد ورەشید بن .

2- دەبێت لە موساقاتدا ئەو درەختانەی کە خزمەت دەکرێن دیار بن، وە لە موزارەعەیشدا دەبێت تۆوی دانەوێڵکە دیار بێت .

3- دەبێت گرێبەست لەسەر درەختێك بکرێت کە بەروبومەکەی بخورێت، وەك خورما وترێ و هاوشێوەکانیان .

4- دەبێت ئەو کەسەی کە خەریکی خزمەتکردنی باخەکەیە یان خەریکی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵەکەیە بەشێکی زانراوی بلاوی بۆ دیاریکرابێت، وەك : سێیەك یان چواریەك، یان نیوە، یان هەر بەشێکی تری بلاو .

[1] بوخاری وموسلیم هاوڕان : بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2329) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1551) ریوایەتیان کردووە .

بابەتی سێهەم : ئەحکامەکانی پەیوەست بە موزارەعە و موساقات :

موزارەعە وموساقات چەند حوکمێکی پەیوەست بەخۆیان هەیە، ئەوانیش بریتین لەم حوکمانەی خوارەوە:

1- ئەو کەسەی کە گیراوە بۆ ئەم کارە، دەبێت هەڵسێت بەو کارانەی کە دەچێتە چوار چێوەی بەرژەوەندی بەرهەمهێنانی بەروبومەکەوە، لە کێلانی زەوی، وئاودان، وبژارکردن، وپاراستن، وپێون کردن وتەلقیح کردنی خورما، ووشکردنەوەی ئەگەر پێویستی بە ووشکردنەوە هەبوو، یان دورینەوە و سوورکردنی بەرهەمەکە ئەگەر گەنم و جۆ بوو .

2- پێویستە خاوەن زەویەکە هەڵسێت بەدابینکردنی ئەو شتانەی کە ئەصلی کارەکەی پێوە بەندە، وەك لێدانی بیر، ودابینکردنی ئاو، ودروستکردنی شورا و پەرژین بۆ زەویەکە، وئامادە و دابینکردنی ئالەتەکانی پێویست بە ئاودان، وەك ماتۆڕ و مەزەخەی هەڵکێشانی ئاو، وهتد ...

3- بەدەرکەوتنی بەروبومەکە وپێگەیشتنی، ئەو کەسەی کە خەریکی خزمەتکردنی باخ و زەویەکەیە، دەبێت بە خاوەنی ئەو بەشەی کە پێشتر لەگەڵ خاوەن زەوی و خاوەن باخەکەدا رێککەوتوون لەسەری .

4- هەریەك لەو دوو کەسەی کە گرێبەستەکەیان کردووە، هەرکاتێك وویستیان دەتوانن گرێبەستەکەیان هەڵبوەشێننەوە، چونکە گرێبەستێك نیە کە لایەنەکانی پەیوەست بکات بە تەواوکردن وکۆتایی پێهێنانی، جا ئەگەر هاتوو گرێبەستە کاتێك هەڵوەشێنرایەوە کە بەروبوومەکە پێگەیشتبوو، ئەوا دابەشکردنی بەو شێوەیە دەبێت کە پێشتر هەردوولایان رێکەوتبوون لەسەری، خۆ ئەگەر هاتوو پێش پێگەیشتن و دەرکەوتنی بەروبومەکە بوو، ئەوە ئەو کەسەی خەریکی خزمەتکردن وبەرهەمهێنانی زەوی وباخەکەیە گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوە، هیچ شتێکی بۆ نیە ونابێت داوای هیچ شتێك بکات، چونکە بەڕەزامەندی خۆی ڕازی بووە کە مافی نەمێنێت، بەڵام ئەگەر هاتوو

خاوەن زەوی و خاوەن باخەکە پێش دەرکەوتنی بەروبووم وپێگەیشتنی دانەوێڵەکە و دوای دەستکردن بەکار تێیدا هەڵسا بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە ئەوا ئەو کەسەی کە خەریکی کار و خزمەتکردنی باخ وکشتوکاڵەکە بووە، کرێی کار وماندوو بوونی ئەو ماوەیەی پێ دەدرێت کە کاری کردووە .

5- ئەگەر هاتوو کەسەکە هەستا بە ئاودان وخزمەتکردن و رواندنی دانەوێڵەکە لەو ماوەیەی کە عادەتەن بەروبوم پێدەگات و دێتە بەرهەم، بەڵام قەدەری خوا وابوو هیچ بەرهەمێکیان نەبوو، یان تووشی ئافاتێك بوو، ئەوا ئەو کەسە هیچی نادرێتێ، چونکە بەروبوم وبەرهەم نەبووە، وە وناتوانێت داوای هەقی ماندوو بوون و کرێی ڕۆژانەی لەخاوەن موڵك بکات .

[لەخوای گەورە و میهرەبان داواکارین کە بە فەزڵ وبەخشندەیی خۆی بەرەکەت بخاتە کشتوکاڵ و بەروبوومی باخاتی جوتیارەکانمانەوە، وە ساڵێکی تەڕ و پاراوو وبەرهەم دار بێت بۆ خاوەن زەوی و زارەکان، وە یارمەتی خاوەن موڵك و مەزراکانیش بدات کە هەڵسن بەجێ بەجێکردنی ئەرکەکانیان، لە دەرکردنی زەکاتەکانیان و بەزەیی هاتنەوە بە هەژاران و نەدارانی وولاتماندا] وەرگێڕ

وصلی اللە وسلم علی سیدنا محمد وعلی آلە وصحبە وسلم